بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿1﴾

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) ئایا سینەتمان گوشادو ئاسودە نەکرد؟!

وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿2﴾

وە باری گرانمان لەسەر شانی تۆ دانەگرت و لانەبرد؟!

الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿3﴾

کە پشتی تۆی هیلاك و ماندوو کردبوو؟!

وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿4﴾

وە ناوو ناوبانگی تۆمان بەرزو بڵند نەکردووە (لە شایەتماندا هاوڕێ لەگەڵ ناوی ئێمەدا ناوت دەبرێت، ناوت لەسەر زاری فریشتەو گرۆی ئادەمیزادو پەربیە).

فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿5﴾

بەڕاستی هاوڕێ لەگەڵ تەنگانەدا خۆشیی و ئاسودەی دێت.

إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿6﴾

بێگومان هاوڕێ لەگەڵ تەنگانەدا خۆشیی و ئاسودەیی هەر دە بت.

فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ ﴿7﴾

هەرکاتێك لە کارێك بویتەوە کارێکی تر بدۆزەرەوە (هەر کە بانگەواز تەواو بوو نوێژو خواپەرستی بکە تا وزە وەرگریت بۆ دەستبەکار بوون سەرلەنوێ).

وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ ﴿8﴾

وە هەمیشەو بەردەوام با هەوڵ و تەقەلات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا بێت، بەردەوام خەڵکیش هان بدە تا پەروەردگارت بناسن و لە هەوڵی ڕەزامەندیی ئەودابن.